# (( ئەم شەو من و باو سێبەر ))

بەشی 1

larzobaker@hotmail.com
لارزۆ بەکر  لە97....تاد

لەخەرەندی کەنار هەستی یاخی بوونم
ئــەم شــەو ...
شار چرپەی شەپرزەی دەستی خشپەیە
پێکی کۆتایی وەرز گۆپکەیەکی پواوە
کات ژمێری بەسەر چوون کەشتی ( نووحە )
یادی سەمای گەڵای نغرۆبونەو تاریکیە
ئــەم شـــەو ...
شەقامەکان تاتەشۆری گەڵاکانن
ئەم شەو و چەندشەوێکی تر
ئەم و ئەوان و من و ئێوەش
دەست دەخەینە بەرباراني نەهێنی
هیوا .. گوڵ.. ئەوین و بەڵێن
لەسەر ئاگردانی کۆڵەبەفرەکان
دەنووسین  حسرەت .... حەسرەت ،
ئەم شەو تەزرەکان مروارین
لەدورپیانی گوماندا بەجێماون
پاسارانە ...
قەفەسی هەراسانیان لەکۆشدایە
ئەم ئێستا هەرەس بەگومان دێنن
گومانیش لەهەرەس ،
کێبێ ئەم شەو !؟
تارای ڕەشی یاخی بوونیان لەسەر لادا
نەهێنی دڵ و حەزو ( با )ی هاوڕێم بدرکێنێ
لەسەمفۆنیای کاتی بەسەر چووندا
لە نێودەروازەی تونێلی بێکۆتایی
ئەم ئاوازە بهەژێنێ ،
بێگومان شەوانە تا بەیان
کۆڵانە مانگرتوەکانی خەو دەکێڵم
خەڵوەتە ووشەکانم
لە گۆڕستانێکی هەڵدراوە دەچن ...

ئەم شەو ...
دەشێ ئازارەکان دوای ئازارکەون
خەندە وەرزی تەمەنێکی چکۆڵەبێ و
لە ئەشکەوتی ئەشکا ئەشک گربن .....

****